ئەکرەم محمد ئەمین ئەحمەد.

# ئەوکاتەی لەکوێت سەرباز بووم ، کەژاڵ منی ناسییەوە من ئەوم نەناسی

دیدار : عومەر محەمەد

هاوکار: سمکۆ سابیر

شوێن : کۆمەڵگای پیرەمەگرون . ماڵی ئەکرەم

رۆژی ٢٥ی ئابی ٢٠١٣

کات : ٤ی پاش نیوەڕۆ



پاشـئەوەی ژمـارە (10)ی ئەنفالسـتان لەچـاپ دەرچـوو هـەواڵی ئـەوەیان پێـدام کـەوا پیـاوێکی خـەڵکی سـەرگەڵو کـە ئێسـتا لـە کۆمـەڵگای پیرەمـەگروون نیشـتەجێیە، بـاس لـەوەدەکات سـاڵی 1991 کە سـەربازبووە کچێکی ئەنفالکراوی گوندەکەی خۆیـانی لـە وڵاتـی کوێـت بینیوەوقسـەی لەگەڵـداکردووە، بۆئـەو مەبەسـتە پاشنیوەرۆیەکی درەنگ لەگەڵ هاوکارم سمکۆسابیرو کاك ئەکرەم سـێکانی چـوین بـۆ ماڵیـان لـە پیرەمـەگروون، ئـەم دیـدارەمان ئەنجامدا .

**ئەگەر خۆت بناسێنیت ؟**

ئەکرەم محمد ئەمین ئەحمەد.

**تەمەنت چەندەو خەڵکی چ گوندێکی ؟**

لەدایکبوی ساڵی1968 خەڵکی گوندی سەرگەڵووم .

**هەر لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی سەرگەڵوبوون ؟**

بەڵێ هەر لەکۆنەوە لە سەرگەڵوین .

**وتت بۆخۆم بریندارى چەکی کیمیاویم ؟ لەکوێ بەرکەوتوویت وکاریگەریەکەی بەسەرتەوە چیە ؟**

من لە شاناخسێ زۆر بەسەختی بەرکەوتم .

**پێشمەرگە بوویت وا لەشاناخسێ بوویت ؟**

بەڵی پێشمەرگە بووم رۆژی 24ی ئازاری ساڵی 1988 بەرکەوتم ئـەو رۆژە لـە شاناخسـێ بـووم. کەبەرکـەوتین ناردیانین بۆ نەخۆشخانەیەك لەساری بانە لەوێشەوە ناردیانین بۆ تاران .

**نازانی خەستەخانەکانی تاران ناویان چی بوو ؟**

لەوێ لەسی خەستەخانە بووین، یەکەمیان ماوەی 15 رۆژ من بێهۆش ببووم ئەوەیان ناویم بیرنیە، ئەوەی تریان ناوی بیمارستانی ئازادی بوو لەوێ دوو مانگ مامەوە .

**کێیی ترت لەگەڵ بوو، ناسیاوی خۆت بریندار بووبێ ؟**

كورێكی ترم بیره ئەویش برینداری چەكی كیمیاوی بوو ناوی ناصر بوو. دوای ئەوەش ناردیانینەوە بۆ بانە لـەوێ بارەگایـەكی یـەكێتی كـە گەرامـەوە ماوەیـەك لـەوێ مامـەوە لەبەرئـەوەی زۆر هـیلاك بـووم بەكـەڵكی پێشمەرگایەتی نەمابووم، كەمئەندام ببووم، ئیتر ناردیانمەوە بۆ خەستەخانەیەكی تر ئەوەیان لە تەبرێز بوو، گەرەكێك بووپێیان دەگووت: (تونی لالە) ماوەی سێ مانگ لەوێ مامەوە .

**دوای ئەوە چیت بەسەرهات؟**

وەزعم باش نەبوو، هیچ فەرقم نەكرد ئیتر بەو حاڵە مامـەوە هـەتا ساڵی 1990 لێبـوردنێكی گشـتی دەرچـوو منیش گەرامەوە بۆ ئێرەوهاتمەوە ، بەڵام ئەوەندە ئسراحەتم نەكرد،كە كردیانم بەعەسكەر ماوەیـەكی زۆر لـە بەسرە بووم دوایی كە شەڕی كوێت دەستی پێكرد رەوانەی كوێتیان كردین .

**منیش بۆ ئەوە هاتووم بۆلات بیستوومە لە كوێت كچێكی ئەنفالكراوت بینیوە ؟**

بەڵی

**ئەوە چۆن بوو دەتوانی بەوردی بۆم بگێڕیتەوە ؟**

من لەكوێت بووم ئەوەی من دەمتوانی لەكوێت بگەڕێم بۆهەموو كەس نەدەلواو هەموو كەسێك نەیدەتوانی ؟

**بۆچی تۆ دەتتوانیو خەڵكی تر نەیدەتوانی ؟**

لەبەرئـەوەی مـن كەمئەنـدام بـوومو راپـۆرتی لیژنـەی پزیشـكی بەغـدام هـەبوو، بـە كەمئەنـدام حسـابكرابووم . بەبێ مۆڵەتیش دەمتوانی بچمە دەرەوەو دابەزم .

**لەو دابەزینو گەرانەدا ئەو كچەت بینی ؟**

بەڵێ

**هەربۆخۆت بووی یان كەسی ترت لەگەڵدابوو ؟**

كورێكی ترم لەگەڵدابوو، ناوی سوارە بوو .

**سوارە خەڵكی كوێیە ناوی باوكوباپیری چیە ؟**

سوارە خەڵكی رانیە بوو، ناوی باوكیم بیرنەماوە .

**ئینجا چۆن بینیتانەوە ؟ برسیتان بوو چوونە ماڵان لەبازار بینیتان چۆن بوو ؟**

دەزانـی چـۆن بـوو مـنو سـوارە پێكـەوە بـووین مۆڵـەتمان پێنـەبوو تـەنها وەرەقـەی كەمئەنـدامیمان پێبـوو، لەوكاتـەدا ئینزبـات هـاتن بـەدوای سـەربازدا دەگـەران چونكە ئەوكاتـە قەدەغـە بـوو سـەرباز بـەبێ وەرقـە بێتـە ناوكوێتـەوە، كـە سـوارە ئـەوەی بینـی رای كـرد، بـەڵام مـن رامنـەكرد، كـە ئینزباتـەكان هـاتن داوای مۆڵـەتیان لێكـردم وەرقـەی پزیشـكیەكانم پێـدان قسـەیان نـەكرد، ووتیـان بڕۆ ماوەیـەك رۆیشـتم پردێـك هـەبوو، سەروژێری جادە بوو، بەنزیخانەیەك لە نزیكی بوو، لەوێ ئەو ئافرەتەم بەوجۆرە بینی .

**بەكامجۆرە بینیت ؟**

من نەمناسـی ئـەو منـی ناسییەوە، رەنگـە بەوسـەماعەیەی گـوێم ناسیبمیەوە،چونكە لەسـاڵانی هەشـتاكانەوە ئەم سەماعەیەم لەگوێدایە، ئەوەتا هەتا ئێستاش هەر لە گوێمدایە .

**باشە ئەگەر هات بۆلات ووتی چی چی پێووتی ؟**

لەپێشەوە هەر سەیری كردم سەیری كردم، لەوكاتەدا دوسێ كەسی تریش لەوێوە رۆیشتن بـەڵام ئـەوان جلـی مەدەنییان لەبەردابوو، هات ووتی تۆ كاك ئەكرەمی ؟ منیش ووتم بەڵی ووتی تۆ كێیت ؟

**ئێ ئێ کەواتە تۆی هەرناسیوە لە نزیکەوە تۆی ناسیووە .**

بەڵێ بەڵێ منیش بەسەرسوڕمانەوە ووتم تۆ چۆن من دەناسیت ؟ تۆکێیت ؟ چی دەکەی لێرە ؟

ووتی : من کەژاڵم خەڵکی سەرگەڵووم خەڵکی دێیەکەی خۆتانم .

**ئەی نەتپرسی تۆکچی کێی ؟**

نەمپرسی چونکە ئینزبات دەگەراو منیش ئەو ئافرەتم بەو جۆرەبینی نەمپرسی مەجالم ئەوەندە نەبوو هەتا کە قسەم لەگەڵ دایکوباکیشی کرد ووتم من ئەوەندەم دیوە من ناڵێم ئەوە کچەکەی ئێوەیە بەلأم من کچێکم دیوە بەوحاڵە .

**تۆ تصورت کرد ئەو کەژاڵە کچی کێ بێ ؟**

نازانم کچی کێیە بەلأم من زیادەی ناڵیم چیم دیوە ئەوەی دەگێرمەوە، ئەو پێی نەگوتم کچی کێیە بەلأم قسەم لەگەڵ داکیو بابیشی کردووە هەموو ناونیشانەکەیم پێگووتوون .

**کەی پێت گوتن ؟**

لەساڵی 1993

**ئەی بۆچی ساڵی 1991 پێت نەگووتن مادام هەرخەڵکی دێیەکی خۆتان بوون ؟**

نەموێراباسی بکەم ئەو وەختە باروزروفێکی تر بوو وەك ئێستا نەبوو.

**یەکەمجار ئەم چیرۆکەت بۆکێ گێرایەوە ؟**

یەکەم کەس بۆ خزمێکی خۆمم گێرایەوە ئەویش هەر سەرگەڵوویە .

**عەلی چی تۆیە**

کوڕی مامی دایکمە . یەکەم جار بۆئەوم باسکرد ئەو بڵاوی کردەوە دەنا من لەسەرخەیل نەبووم .

**عەلی ناوی باوکی کێ یە بەچی ناسراوە ؟**



عەلی محمەد ئەمین ناسراوە بەعەلی سەرگەڵوی .ئەو باسی کردبوو ئینجا دایكو باوکی زانیان .

**دایکیو باوکی باوەریان بەچیرۆکەکەی تۆکرد ووتیان ئەو ناونیشانانە هی کچەکەی ئێمەیە ؟**

بەڵێ وتیان ئەوە کچەکەی ئێمەیە ناونیشانەکەشی تەواوە هەر ئەوە.

**ئێستا دایکیو باوکی لەکوێن ؟**

لەسەرگەڵوون . ئەوکاتە لەسەرگەڵووبوون ئێستا نازانم لەکوێن .

**ناونیشانەکانی چی بوون کە بەدایكوباوکیت ووتووە ؟**

پێمگووتن ئافرەتێکی گەنج بوو، جوانو کەمێك باڵأبەرزو قژی کەمێك خورمایی بوو ؟

**جلوبەرگەکەی چی بوو چۆن بوو ؟**

جلی عەرەبی لەبەربوو، ئەوەی بەغدایی لەبەری دەکەن عەبای پێوە نەبوو، پانتۆڵی لەپێ بوو، سەرپۆشێکی سپی پێوە بوو .

**جەلەکانی رەش بوو ؟**

کەمێك شینایی هەبوو . ئافرەتێکی تریشی لەگەڵدا بوو بەلام ئەو هیچ قسەی نەکرد .

**ووتم ئەی تۆچی دەکەی لێرە ؟ کەمێکم لێ پرسی دەزانی ئێرە کوێتە عێراق نیە .؟**

وتی بەڵێ دەزانم لەوەختی خۆی هێناویانم نازانم لەکوێوە هێناویانم بۆ ئێرە پیاوم هەبوو، منداڵێکم هەبوو، ئەمە قسەی کچەکە بوو، وتم ئەی منداڵەکەت ووتی لێکیان جیاکردینەوەومنیان هێناوە بۆ ئێرە . لێمپرسی چەند منداڵت هەبوو، ووتی یەك منداڵم هەبوو. وتی ئەوانی کەیان عەزییەتداو خستیاننە سەیارەوەو منیان هێنا بۆ ئێرەوچاوم پێیان نەکەوتەوە .

کەواتە کەژاڵ لێرە مێردومنداڵی خۆی هەبووە .

**ئەی نەتپرسی ماڵتان لەکوێ یە ؟**

نەیگووت ووتی ماڵمان ئەوەتا لەولایەیە . بەلام من دەزانم لەلای گەراجی جەهراوە بوو، من بۆخۆم لە ئەحمەدی بووم لیواکەمان لەوێ بوو .ئیتر نەگووتی وەربۆماڵمان نەهیچی تر . سالی 1998 رێکخراوێکی کۆێتی لەگەڵ دایکی ئەوکچە هاتن بۆمگێرانەوە ئەوانیش ووتیان هەموو قسەکانت تەواوە .

**چۆن ئەو رێکخراوە کوێتیە تۆیان دۆزییەوە ؟**

من نازانم لەگەڵ دایکی ئەوکچە هاتن بۆلام، ئیتر هیچ وەلامێکی منیان نەدایەوە نازانم چییان بە دایكو باوکیشیان ووتووە.

**کێ بانگی تۆی کرد بۆلای ئەو رێکخراوە کوێتیە ؟**

من نازانم بەلام یەکێتی زانایانی ئیسلامی بانگیانکردم . وتیان هەولێکی بۆ دەدەین ئیتر نازانم چی هەولێکیان داوە.

**پاشئەوەی ئەوکچەت توش بوو، هیچ جارێکی تر هەوڵت نەدا کەبیبینیتەوە ؟**

نە هەولم نەدا بیرم لەوەنەکردەوە جارێکی تر بیبینمەوە، بەلام بیرم لەوەدەکردەوە ئەگەر قاچاخ نەبمو بەجلی مەدەنیەوە بچم بەدوایدا بگەریی .

**بۆخۆت قەناعەتت کرد کە ئەوکچە کوردە وراست دەکات ؟**

ئەی چۆن قەناعەتی پێنەکەم لەولاتێکی عەرەبیدا کە ئەوناوم بزانیێو بلی من کوردمو ناوم کەژاڵە .

**ماوەی چەند لەکوێت مایتەوە ؟**

زۆر نەمامەوە فیرارم کرد .

**ئەی نەتپرسی مێردت کردووە یان کارەکەری مالانی ؟**

نابەس ئەوەی گوت کە ئێرە شەری تێدابوو ئەوان رۆیشتون بەجێیان هێشتووم.من لەومالانە ماومەوە .

**هەتا ئێستا بێجگە لەرێکخراوە کوێتیەکە کێی ترهاتووە دەربارەی چیرۆکی ئەو کچە پرسیارت لێ بکات .؟**

زۆرکەس هاتوون چەندین جار مقابلەیان کردووم ؟

**تەلەفزیونەکانیش هاتوون ؟**

نەمدیوە کەس بلاوی بکاتەوە .

**ئەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان هاتوون بۆلات بۆ پرسیار لەوبارەیەوە ؟**

رەنگە نەیانزانیبێ نەخێر نەهاتوون .

**ئەی رێکخراوەکانی تایبەت بەئەنفال ؟**

نەهاتوون بێجگە لەرێکخراوە کوێتیەکەویەکێتی زانایانی ئیسلامی لەلای مزگەوتی گەورە نازانم هی کۆمەڵی ئیسلامی بوو چی بوو نازانم چی بوو ئەوجارە دایكوباوکیشیان لەگەڵ بوو.

**رێکخراوە کوێتیەکەو یەکێتی زانایان پێکەوە لێیانپرسیتی ؟**

نا ریکخراوەکوێتیەکە ساڵی 1998 بوو یەکێتی زانایان ساڵی 2000 بوو

**کەژاڵ ووتی ئێمە ئەنفالکراوین ؟**

ئەوباسی ئەنفالی نەکرد، وتی هێناویانین بۆ ئێرە لەپیاوومنداڵەکانیان جیاکردوینەتەوەو ئیتر نەمبینیونەتەوە .

**ئەی نەیگوت کەسم بینیوە بیکوژن لەوانەی جیایان کردوونەتەوە ؟**

باسی کوشتنی نەکرد بەڵام گوتی پیاوەکانیان جیاکردووەتەوەوعەزێتیان داون و چاوم پێیان نەکەوتووەوە .

**چیتر هەیە بیلێیت ؟**

هیچی ترنیەو ناتوانم زیاتری لەسەر بۆرم لەبەرئەوەی هەرئەوەندە زانیاریم لەسەر ئەو کچەهەیە .

هەرلەبارەی چیرۆکی (کەژاڵ)ەوە پیاوێکی تری گوندی سێکانیان بە ناوی ئەکرەم عەلی کە دراوسێ گوندن لەگەڵ سەرگەڵوو، بە هۆی نزیکیانەوە یەکتری دەناسنن هاوکات ئەکرەم سێکانی ئەندامی ناوەندی رێگا بۆ پرسی ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی دۆڵی جافایەتی، لە دیدارێکی ڤیدۆییدا قسەی بۆکردم و ئەوەی پشتراستکردەوە کەوا کەژاڵ ومێردەکەی دەناسیێ و ئەو لە گوندی سەرگەڵووبووەو مێردەکەی ناوی حامیدە. ئەوەش دەزانی کەوا لەپاش لێبوردنی گشتی لە ئێرانەوە گەرانەوە بۆ کوردستان، بەڵام لە سیتەرەکەی سونێ پشتی قەلاتدزێ لەگەڵ خانەوادەکەی ئەکرەم و خاڵوخاڵۆژنی ئەودابوون، شایانی باسە دایکی و خوشکی ئەکرەم لە گۆرە بەکۆمەڵەکەی ناوچەی حەزەری پارێزگای موصل تەرمەکانیان دۆزرایەوەو خاڵۆژنی لە نوگرەسەلمان دوای شەش مانگ گەرایەوەو باسی ئەوەی کردبوو کە حامیدوکەژاڵی گوندی سەرگەڵویان لەگەڵدا بووەو دواتر جیاکراونەتەوەو ئیتر ئاگای لێی نەماوە .